## فانۆسی خووساو*

تکاومەتە سەر رووماى گیا.
من شەونمی خەواڵووی ئەستێرەیەکم.
تکاومەتە سەرتارمایی لەشی گیا
ئێرە نە جێی من بوو.
سرتوخورتی شێداری گیام گوێ لێیە.
ئێرە نە جێی من بوو.
فانۆس
لە بێشکەی خرۆشاوی دەریادا خۆی دەشوا.
بەرەو کوێ دەچێ ئەم فانۆسە،
ئەم دەریاپەرەستە تینووە مەستە؟
بە سەکۆی کاشیی ئاسۆی دورەوە
نیگام لەگەل هەڵپەرکێی تەماویی پەریان دەسووڕێ.
چرپەئاوازی شەو لە رەگەمدا دەڕوێن.
بارانی تەژی لە خەنەتیفکی* مستی
بە دیواری تینوی روحمدا دەتکێ.
من ستێرۆکێکی داتکاوم.
لە چاوی نەدیوی هەڵە داباریوم:
شەو تەژی لە ویست
لەشی گەرمی ئاسۆش  رووت بوو.
سپیتوێژی مەرمەڕی کەسکی چەمەن بە نەرمی دەچڕی.
شەبەقی مانگیش لە پەیژەی شینی رۆژهەلآت داخزی.
پەریەل سەمایان دەکرد
جلکی شینیان لە رەنگی ئاسۆ هالآ بوو.
نەرمە سۆزی شەو سەرخۆشی دەکردم.
پەنجەرەی خەون کراوە بوو
ئەویش وەکو سروەیەک وەژوور کەوت.
ئێستا لە سەر گیام و
سروەیەک بە لامدا رادەبرێ.
ترپە گەل دامرکاون.

شینپۆشان هەڵناپەڕن.
فانۆس بە نەرمی ژێروژوور دەکا.
کاتێ کە ئەو لە پەنجەرە دەردەپەڕی
چاوەکانی خەوێکیان بزرکردبوو.
جادده هەناسەبڕکێی بوو.
گڕەبەردان چەندە بە تامەزرۆیی بۆنیان هەڵمژی!
فانۆسی بەلەز!
تا کەی دەتلێیەوە
بە نزمی و بەرزیی جاددەی لێو کەفهەڵخراندووی بە هەرادا؟
نەرمە ئاوازی شەو سیس‌بوون.
دیلانێی پەریان کۆتایی پێهات .
بریا لێرە نەتکابام!
کاتێ کە سروەی لەشی ئەو لە تارمایی شەودا بزر بوو
فانۆس لە کەناری روخی  دەریا وەرێکەوت.
بریا لێرە – لە بەستێنی پر لە تاری گژو گیا – نەتکابام!
فانۆس رادەکا لە من.
چۆن رابم؟ بە ئێسکی ساردی گژ و گیاوە نووساوم.
دوور لەمنیش فانۆس
لە بێشکەی بە خرۆشی دەریادا خۆی دەشوا.

خووساو: سەرتاپا لەئاو هەڵکشاو، تەڕ
خەنە تیفک: خەنەتیلکە، کرێژەبەرد، بە زمانی فارسی ماناکەی گلسنگ ە.
فانوس: چرای دەریایی، فانۆسی دەریایی ئیسکەندەرییە یەک لە عاجباتی جیهان بووە. لە زەمانی کەوندا رێنوێنی کەشتیڤان و پاپۆرڤان و دەریاڤانان  بووە.

سهراب سپهری
وەرگێر: حەسەن ئەیوبزادە
هولەند
18.08.2005